www.kurdistannet.org
4-2-2003 23:55

## زۆر بەڕێز دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح. .
## سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران – سلێمانی

کورد پەروەرێك. .

### دوای خۆشی و سەلامەتیتان. .

بەخێر هاتنەوەیەکی گەرم و پیرۆزبایی لەو سەرکەوتنە دیپلۆماسیانەتان دەکەم کە ناوبەناو بەئەنجامی دەگەیەنن. . برای بەڕێز خەڵك ڕێزێکی تایبەتیان بۆ جەنابت هەیەو ئومێدەوارن هەردەم سەرکەوتووبیت و لە پلەو پایەیەکی ئەوتۆدابن کە بتوانن قازانج بە گەلەکەمان بگەیەنن. .

ئەم ماوەیەی کە لێرە نەبوویت، هەزار دیناریان خەملاندووە بە ( ١٠٠) دۆلار بەقسەی خەڵك بەگەلایەك. . گەلاش لە بازاڕ لەدەوری ( ٨٠٠) دینارە. . بەم پێیە هەموو فەرمانبەرو کارمەندانی دەوڵەت وەك یەك سەیرکراوە، بەڕێز چۆن دەکرێت ئەو مووچە خۆرانەی کە ژمارەیان بەهەزارانەو مووچەیان لە دەوری ( ٢٠٠) دینار یان ( ٣٠٠) دینارە، وەك ئەوانە سەیربکرێت کە مووچەیان بە هەزاران دینارە، ئەمە چۆن سۆشیال دیموکراتێکە کە ئێمە خۆمانی پێ هەڵدەکێشین. . من لای خۆمەوە چەند پێشنیارێکتان بۆ دەنووسمەوە، بەو هیوایەی ئەم پێشنیازانەمان بەهەند هەڵ بگیرێت، چونکە خەڵك گلەییان هەیەو لەم بارەیەوە خەڵك نارازییە، منیش خوا دەیزانێت تەنیا مەبەستم سەرکەوتناتانەو هەربژین. .

پێشنیازەکان:

١- هیچ فەرمانبەرێك و کارمەندێك لە دووشوێن مووچە وەرنەگرێت، فەرمانبەر هەیە لەدوو شوێن مووچە وەردەگرێت و لەیەك شوێن کار دەکات و دەوام دەکات. . با ئەو فەرمانبەرانە سەرپشك بن و لەیەك شوێن مووچە وەربگرن. .

٢- هیچ فەرمانبەرێك و کارمەندێك لەدوو دەرماڵە جگە لە دەرماڵەی خێزانی زیاتر وەرنەگرێت، ( دەرماڵەی سێیەم) ئەگەر کرا با ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر بدات. .

٣- گەلایەك بە ( ٨٠٠) دینار بخەملێنرێت و واش بکرێت کەئەو خەملێنە جێگیربیت. . ئەو کات دەکرێت وەك یارمەتییەك بۆ حکومەتی هەرێم پارە بەپێی مووچە لەفەرمانبەرو کارمەندان بەم شێوەیەی خوارەوە کۆبکرێتەوە:

أ/ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان دەگاتە ٥٠٠دینار لەسەدا ( ٣) دیناریان لێ وەربگیرێت.

ب/ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە ٥٠١-١٠٠٠دینارە لەسەدا ( ٥) دیناریان لێ وەربگیرێت.

ج/ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە ١٠٠١-١٥٠٠دینارە لەسەدا ( ٧) دیناریان لێ وەربگیرێت.

د/ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە ١٥٠١-٢٠٠٠دینارە لەسەدا ( ١٠) دیناریان لێ وەربگیرێت.

هـ/ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە ٢٠٠١-٣٠٠٠دینارە لەسەدا ( ١٢) دیناریان لێ وەربگیرێت.

و/ ئەو فەرمانبەرانەی لە ٣٠٠١-٦٠٠٠ دینارە لەسەدا ( ١٥) دیناریان لێ وەربگیرێت.

ز/ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە ٦٠٠١-٨٠٠٠دینارە لەسەدا ( ٢٠) دیناریان لێ وەربگیرێت.

ح/ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە ٨٠٠١ و زیاترە لەسەدا ( ٢٥) دیناریان لێ وەربگیرێت.

ئەم ڕێژەیە هەموو لێپرسراوانی حیزبیش دەگرێتەوە.

٤- کەمکردنەوەی زیادە مەسرەف لەهەر بوارێکدا بەرچاوکەوت، ئەمەش دەکرێت بەهۆی کۆبوونەوەو دانانی لیژنەی شارەزاو پسپۆر، بوارەکانی زیادە مەسرەف دەست نیشان بکرێت. .

**لەکۆتاییدا جارێکی تر دەخوازم کە ئەم پێشنیازانەمان قبوول بکەن و ئەگەر کرا لەگەڵ برایانی هەولێر، لەپەرلەمان بێت یان کۆبوونەوەی هاوبەش، مشووری ئەم خەڵکە رەش و رووتە بخۆن و ئەوانەی کە مووچەیان لەرێژەی نەبووندایە با کەمێك دڵشاد بن، نەخاسمە ئەوی راستیش بێت شتومەك روو لەهەرزانییە. .**

**لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو خۆشەویستیمان. .**

**هەربژین. .**

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت